# بڕیاری دادگەی فیدراڵی سەبارەت بە کورسیی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی تورکیا لەو بارەوە

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

پێکەوەژیانی ئاشتییانە دروشمێکە هەرێمی کوردستان لە شارەکانی دیکەی عێراق جیا دەکاتەوە، چونکە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق تەنانەت دوای ساڵی 2003یش ڕووبەڕووی چەندان کێشە و گرفت و توندوتیژی بوونەتەوە و هەرێمی کوردستان هەمیشە بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەو چین و توێژانەی، کە بەهۆی توندوتیژییەوە شارەکانی عێراقیان جێ هێشتووە؛ تەنانەت پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی دراوسێیش بەهۆی ئەو ئارامییەی کە لە هەرێمی کوردستان بەرپایە، ڕوویان لە خاکی هەرێمی کوردستان کردووە. بەرامبەر ئەمە، پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو نیشتەجێی هەرێمن و بە دانیشتووانی ڕەسەنی هەریم دادەنرێن، بە مەبەستی گەرەنتیکردنی نوێنەرایەتیکردنیان لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان- وەکوو پەرلەمان- بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا (11) "کورسیی کۆتا"یان بۆ دیاری کرا، بەڵام شێوازی نوێنەرایەتیکردنی ئەم (11) کورسییەی کۆتا لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان مشتومڕی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا؛ تا بارودۆخەکە گەیەنرایە دادگەی باڵای فیدراڵی و بە بڕیارێکی دادگەکە کۆتایی بە نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان هێنرا لە ڕێگەی کورسیی کۆتاکانەوە.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین هۆکاری نەهێشتنی کورسیی کۆتاکان بخەینە ڕوو لە چوارچێوەی بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی و هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر ئەم هەنگاوەی عێراق دژی پێکهاتەکان، بەتایبەت پێکهاتەی تورکمان.

**بۆچی کورسیی پێکهاتەکان کرانە ئامانج؟**

دادگەی باڵای فیدراڵی لە ڕێکەوتی (21/2/2024) بڕیاری ژمارە (83 و موحدتیها 131 و 185/اتحادية/2023)ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە نادەستووریبوونی هەندێك بڕگە و ماددەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموارکراو. بڕیارەکە جەختی لەسەر دوو خاڵی گرنگ و هەستیار کردەوە: یەکەمیان نەهێشتنی (11) کورسییەکەی کۆتا و، ئەوەی تریان دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ سەر لانی کەم چوار بازنەی هەڵبژاردن. ئەم بڕیارەی دادگەی باڵای فیدراڵی کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنایەوە، بەڵام دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە وەڵامی پرسیاری "بۆچی کورسیی پێکهاتەکان کرانە ئامانج؟" بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** ئێران بە چەندان ڕێکاری جۆراوجۆرەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تەواوی عێراقی داوە لە دوای ساڵی 2003، بەڵام تاکە هێز کە تا ئێستا نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات "پارتی دیموکراتی کوردستان"ە. بۆیە هەموو تواناکانی خۆی چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بەسەر پارتی دیموکرانی کوردستاندا بسەپێنێت؛ جا بە هەر جۆر و ئامرازێك بێت. ئێستا هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی دادگەی باڵای فیدراڵییەوە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان لاواز بکرێت بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆشەگیر بکرێت و نەتوانێ هەڵوێست و دژایەتیی خۆی بە شێوەیەکی فراوان و ڕەها ڕابگەیەنێت، چونکە بە بڕیارە کۆتاییەکانی ئەم دادگەیەوە سنووردار کراوە.

**دووەم:** لە ماوەی ڕابردوو پێکهاتەکان- بە تورکمان و مەسیحی و ئەرمەنەوە- نەیانتوانیوە ئەم کورسییانەی کە بۆیان دیاری کراوە بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنن، بەڵکوو لە ڕێگەی هەندێك لایەنی سیاسیی سەر بەم پێکهاتانەوە زۆر بەخراپی بەکار هێنراون! ئەمەیش وای کرد کاردانەوەی خراپی لێ بکەوێتەوە و لە ئەنجامدا سەرەڕای نادەستووریبوونی بڕیارەکەی دادگە، بەڵام کورسیی پێکهاتەکانی کۆتاییی پێ هێنا و بەم جۆرەیش هاوپەیمانێکی نزیکی پارتی، کە پێکهاتەکانن، لە پەرلەمان و هاوکێشە سیاسییەکانەوە دوور خرانەوە.

**سێیەم:** هەرێمی کوردستان بەراورد بە شارەکانی دیکەی عێراق هەمیشە لە ڕووی پێکهاتە جیاوازەکانەوە بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە ناسراوە؛ سەرەڕای ئەوەی مافی پێکهاتەکان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانەوە نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست، بەڵام چەندان هەنگاو لەم بوارەدا لە پێش عێراقە و تەنانەت لە ناوچەکەیش لە پێش چەندان وڵاتی هەرێمییە. واتا هەرێمی کوردستان بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ پێکهاتەکانی عێراق و هەریمی کوردستان. ئەم خاڵە هێزێکی باشی بەخشیوەتەوە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و، سەرنجی وڵاتانی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. ئەمەیش بێ گومان لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی نیگەران کردووە، بۆیە دەیانەوێ پێگە نێودەوڵەوتییە باشەکەی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا عەیبدار و ناشرین بکەن.

### مەترسی و لێکەوتەکانی بڕیارە یەک لە دوای یەکەکانی دادگەی فیدراڵی

بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی، بەتایبەت لە ماوەی ڕابردوودا مەترسییەکی زۆری بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە، کە دەکرێ گرنگترین ئەم مەترسییانە بەم شێوەی خوارەوە لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

1. بڕیارەکانی دادگەکە لە جیاتی ئەوەی ڕەهەندی یاسایی لەخۆ بگرن، ڕەهەندی سیاسییان پێوە دیارە؛ واتا دادگە، بەتایبەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان ئەجێندای لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو پەیڕەو دەکات. یەکێك لە سەرەکیترین مەترسییەکانی ئەم بڕیارە لەسەر هەرێمی کوردستان بریتییە لەوەی کە چوارچێوەیەکی یاسایی دراوەتە پاڵ گوشارەکانی سەر هەرێمی کوردستان؛ بە شێوەیەك نەتوانرێ نە تانەی لێ بدرێت و نە دەقەکانی یاساکە جێبەجێ نەکرێت.
2. بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان زۆر شڵەژاو و ناسەقامگیرە و، کێشە و گرفتی زۆری لێیە. ئەم بڕیارانە نێومالی کورد زیاتر پەرتەوازە دەکات و هانی ئەوە دەدات لێکدابڕانێکی مەترسیدار لە نێوان شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دروست بێت. بۆیە بەهۆی ئەم

بڕیارانەوە ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان دوو هێزی سەرەکی- پارتی و یەکێتی- پێی ناوەتەوە ناڕوونییەکی مەترسیدار. ئەم بڕیارانەی دادگەی باڵای فیدراڵییش بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی هەیە بۆ سەر هاوکێشە سیاسییە ناوخۆیییەکانی هەرێم.

3. بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە وەك دەرەنجامێکی ئەم بڕیارانە، عێراق گوشاری زیاتری کردۆتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە بیانووی ناردنی مووچەی مانگانە، تەواوی زانیارییەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان ڕادەستی بەغدا بکرێت. واتا هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەم بڕیارانەوە ڕووبەڕووی مەترسیی ڕادەستکردنی سەرجەم نهێنییەکانی دەزگە ئەمنییەکانی بە بەغدا بۆتەوە. هەولێر تا چەند دەتوانێ بەرگەی ئەم گوشارانە بگرێت، ئەوەیش جێگەی سەرنجە، چونکە تابلۆی ئێستا ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە هەرێمی کوردستان تا سەر ناتوانێت بەرگەی ئەم گوشارانە بگرێت؛ بەتایبەت کە بەغدا کارتی قووتی خەڵکی کوردستان وەك فاکتەرێکی کاریگەر بەکار دەهێنێت.

4. لە ڕێگەی بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵییەوە هەوڵ دەدرێت ڕۆح و هەستی ئینتیمای نیشتمانیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت و، بەغدا وەك فریادڕەس پێشان دەدرێت و نمایش دەکرێت. بەڵێ مەترسیی لاوازبوونی هەستی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو مەترسییانەی کە لە ئەنجامی بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵییەوە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە. بەرامبەر ئەمە هەوڵ دەدرێت وەلا و ئینتیمای خەڵك زیاتر بۆ عێراق ڕابکێشرێت.

جگە لەم خاڵانەی سەرەوە، لە ڕێگەی دادگەی باڵای فیدراڵییەوە کار بۆ ئەوە دەکرێت، بەتەواوەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکرێت و قەوارەیەك بە ناوی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و بڕیارەکانی دادگەکە دەربارەی مووچە و مووچەخۆرانی هەرێم، یاسای هەڵبژاردنی هەرێم و کورسیی پێکهاتەکان و یاسای نەوت و غازی هەرێم و...، هەنگاوی سەرەکی و جددین بۆ سەرەتا لاوازکردنی هەرێم و سەندنەوەی سەرجەم دەسەڵاتە دەستوورییەکانی لێی بە چەند قۆناغێك و، لە کۆتاییدا مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم وەك پارێزگایەکی عێراق؛ تەنانەت چاوەڕوان دەکرێت بە بیانووی سەپاندنی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان بەسەر دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکانی هەرێم، بەتەواوەتی هەرێم کۆنترۆڵ و لاواز بکرێت. جگە لەمە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی دیکەی هەرێم لە چوارچێوەی ئامانجەکانی قۆناغی داهاتووی دادگەی باڵای فیدراڵییە؛ تەنانەت جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە مەترسیدارەی دادگە و لایەنە سیاسییە شیعەکان دەستی پێ کردووە و ئەوەتە بۆ مانگی شوباتی ساڵی 2024، وەزارەتی داراییی عێراق، مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە و دەزگە ئەمنییەکان و بەشێکی وەزارەتی ناوخۆی نەناردووە.

**ئایا هەرێمی کوردستان هیچ کارتێکی بەهێز و میکانیزمێکی سیاسی و یاسایی و دەستووری و ئابووریی لەبەردەستدایە بۆ ئەم مەبەستە؟**

هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئێستادا لە لاوازترین و بێدەسەڵاترین قۆناغیدایە؛ چونکە لە لایەك لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆی هەرێم ناکۆکن لەگەڵ یەکتر و، لە لایەکی دیکەیش لایەنە سیاسییە شیعەکانی نزیك ئێران گوشارێکی بێوێنەیان کردۆتە سەر هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەتایبەت. دەکرێ هەرێمی کوردستان بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی کە لە خوارەوە هاتووە ڕووبەڕووی ئەم

گوشارانە بێتەوە:

**یەکەم:** یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، لە کاتی دروستبوونی کێشەیەکی یاسایی، وەڵام و هەڵوێستیان زۆر سادەیە؛ بۆ نموونە ناوەڕۆکی بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی دەربارەی کورسیی پێکهاتەکان و یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموارکراو، بریتی بوو لە نزیکەی 23 لاپەرە، کەچی وەکوو هەڵوێستێکی ناڕەزایی، بەیاننامەکەی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان کە لە ڕێکەوتی (13/3/2024) دەرکرا نزیکەی 450 وشە بوو و تەنیا بە زمانی (کوردی و عەرەبی) ڕاگەیەنراوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا کەموکوڕییەکی بەرچاوە لە هەڵوێستی باڵاترین مەرجەعی دادوەری لە هەرێمی کوردستان؛ دەبوایە وەڵامەکەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لانی کەم بەقەدەر ناوەڕۆکی بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق بوایە، چونکە سەرەڕای نادەستوورییبوونی بڕیارەکە، دادگەکە کە بڕیارەکەی دەرکردووە هەوڵی ئەوەی داوە بیخاتە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستوورییەوە و زۆر بەوردی بابەتەکەی شی کردۆتەوە و ڕاڤەیەکی دووروودرێژی لەگەڵدا خستۆتە ڕوو. واتا یەکێك لە هەنگاوە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، دەبێت لانی کەم دەزگە دادوەرییەکانی زۆر بەوردی وەڵامی بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق بدەنەوە و ئەوە بە دەقە دەستوورییەکانەوە بسەلمێنن؛ دواتر وەڵام یاخود بەیاننامەکە بە هەرسێ زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی) بڵاو بکرێتەوە و هەوڵ بدرێت بگەیەنرێتە باڵوێزخانە و کونسوڵخانە بیانییەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییش کاری بۆ بکرێت و بگەیەنرێتە وڵاتانی جیهان.

**دووەم:** کێشەکانی نێوماڵی شیعە لە لایەك و ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە لە لایەکی دیکە، دەبێت لەم قۆناغەدا بەباشی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە خوێندنەوەیەکی باشی بۆ بکرێت و بتوانرێ لە بەرژەوەندیی هەرێمدا بەکار بهێنرێت. لایەنە سوننەکانیش وەکوو کورد ڕووبەڕووی گوشارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی بوونەتەوە، بەتایبەت دوای بڕیاری دوورخستنەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو "موحەمەد حەلبووسی". ئەم پێشهاتە بەداخەوە لەلایەن کورد بەباشی کاری لەسەر نەکرا و دەبوایە بەژیرانە زیاتر بوروژێنرێت. واتا هەنگاوی دیکەی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئێستادا بریتییە لە سوودوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە شیعەکان لە لایەك و ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە لە لایەکی دیکە.

**سێیەم:** بەنێودەوڵەتیکردنی کەیسەکە و دەستپێکردنی هەڵمەتێکی دیپلۆماسیی فراوان لەسەر ئاستی فەرمیی حکوومی و حزبی؛ بەڵام مەرجە ئەم هەنگاوە گرنگە لەلایەن خودی "مەسعوود بارزانی"یەوە سەرپەرشتی بکرێت؛ چونکە پێگە و قورسایی "مەسعوود بارزانی" کاریگەرتر و جیاوازتر و سەرنجڕاکێشترە، هەروەها لایەنە نێودەوڵەتییەکان "مەسعوود بارزانی" وەکوو تاکە مەرجەعی کورد دەبینن. بێ گومان ئەم هەڵمەتە دیپلۆماسییەی "مەسعوود بارزانی"، دەبێت لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانەوە پاڵپشتی بکرێت. پێشبینی دەکرێت ئەگەر ئەم هەنگاوە بنرێت، گوشارەکان بۆ سەر بەغدا زیاتر ببن، لەبەر ئەوەی "مەسعوود بارزانی" هەر کاتێك هەوڵ بۆ کارێك بدات یاخود کار لەسەر بابەتێك بکات، ئەوە پەیامی ئەوە بۆ لایەنەکان دەنێرێت کە بارودۆخەکە زۆر خراپە و پێویستی بە چارەسەری خێرا و بنەڕەتی هەیە.

**چوارەم:** یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم تابلۆیە، پەرشوبڵاویی نێوماڵی کوردە، جا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیش پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد هەیە. بەڵام بەداخەوە چاوەڕوان ناکرێت لە بارودۆخی ئێستادا، نێوماڵی کورد دووبارە ڕێك بخرێتەوە و یەکڕیزی لە نێوان لایەنە

سیاسییەکان، بەتایبەت لە نێوان پارتی و یەکێتی، بەدی بهێنرێت. بۆیە دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایە کار بکات کە تیایدا خراپیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی لەبەرچاو بگرێت و ستراتیژییەتی خۆی لەم چوارچێوەیەدا داڕێژێت؛ بەپێچەوانەوە خولیا و ئومێدەکانی یەکریزی لەوانەیە زۆر سوودی نەبێت و، بارودۆخێکی ئاوا هاتۆتە ئاراوە کە تیایدا لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لەسەر پرس و بابەت و ئامانجە ستراتیژییەکان ناکۆکی دروست بووە. ئەمەیش بەڕاشکاوانە لەلایەن "مەسعوود بارزانی"یەوە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ ڕادیۆ مۆنتی کارلۆ ئاماژەی پێ درا.

**پێنجەم:** گەندەڵی یەکێکە لە پەتا درێژخایەن و کوشندەکان کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە. بەداخەوە سەرەڕای بەڵێن و هەوڵ و کۆششی هەندێك لایەنی سیاسی، بەڵام نەتوانراوە ئەم کێشەیە بنبڕ بکرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت. گرنگترین دەرهاوێشتەکانی گەندەڵی بریتییە لە شڵەژانی متمانەی خەڵك بە حزبە سیاسییەکان و تەنانەت سەرکردە دیارەکانی هەرێمی کوردستان. تا گەندەڵی مابێت، قەوارەی هەرێمی کوردستان لاوازتر دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆچوونێك و ئاراستەیەك بەرەو ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ڕاستەقینە و، ئەگەر هەر فەرامۆش بکرێت و بەجددی کاری لەسەر نەکرێت، دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستەمی حوکمڕانیدا.

بۆیە یەکێك لە هەنگاوە هەرە گرنگەکان بریتییە لەوەی کەوا کاتی ئەوە هاتووە حزبە سیاسییەکان لەگەڵ خەڵك ئاشت ببنەوە و پاڵپشتیی جەماوەریی ڕاستەقینە بەدەست بهێنن، چونکە هیچ لایەن و حزبێکی سیاسی لە جیهاندا نییە بەبێ پاڵپشتیی خەڵکەکەی بتوانێ بەرگەی مەترسییەکان بگرێت. بۆیە هەنگاوێکی دیکەی حکوومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان، بریتییە لە ئاشتکردنەوەی خەڵك و ڕازیکردنیان؛ بەپێچەوانەوە نەمان یاخود لاوازبوونی متمانەی خەڵك بە حکوومەت و لایەنە حزبییەکان، دەرەنجامی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە و، لە هیچ کات و قۆناغێکدا هیچ سەرکردە و لایەنێکی سیاسی بەبێ پاڵپشتیی گەلەکەی سەرکەوتوو نەبووە.

## ڕۆڵی سەرۆککۆماری عێراق لەم پرسەدا چییە؟ ئایا هەرێمی کوردستان دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دادگەی فیدراڵیدا بکا؟

سەرۆککۆماری عێراق بەپێی ماددەی (67)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، پێویستە شەونخونی بکات بۆ زامنکردنی پابەندبوون بە دەستووری عێراق. ڕاڤەکردنی ئەم ماددەیەی دەستووری عێراق مشتومڕی ئەوەی دروست کرد کە گوایە ئێستا دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق پێشێلی دەستووری کردووە و بە پشتبەستن بەم ماددەی دەستوورە، سەرۆککۆمار دەتوانێ ئەم پێشێلکارییەی دادگەی باڵای فیدراڵی ڕابگرێت. بەڵام لە ڕاستیدا با ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار تەشریفین، بۆیە دەسەڵاتی لە سەرووی دادگەی باڵای فیدراڵی نییە. سەرەڕای ئەم بەربەستە بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرۆککۆمار کوردە و پێویستە هەڵوێستیکی ئاشکرای هەبێت بەرامبەر پێشێلکارییەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی، دەبوایە لانی کەم ئەوها بەبێدەنگی نەمابایە و هەڵوێستێکی نیشتمانیی لە چوارچێوەی ماددەی (67)ی دەستووری عێراقەوە بنواندبایە. ئەگەر لەسەر ئەرزی واقعدا نەیشتوانێت بڕیارەکانی دادگەکە بگۆڕێت، بەڵام لە ڕووی گوشاری ناوخۆ و تەنانەت نێودەوڵەتییش، دەنگدانەوە و کاریگەریی ئەرێنیی دەبوو لە بەرژەوەندیی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان. بەڵام دوای "جەلال تاڵەبانی"، سەرۆککۆماری پێشووتری عێراق، ئەو کەسانەی کە کراونەتە سەرۆککۆمار، کەسایەتییەکەیان زۆر لارزۆك و لاواز بووە؛ بۆیە هیچ قورساییەکی

مەعنەوی و سیاسییان نییە لەسەر ئاستی عێراقدا.

لەم چوارچێوەیەدا پێویستە هەرێمی کوردستان گوشارەکانی خۆی زیاد بکات بۆ ئەوەی سەرۆککۆمار هەڵوێستێك بنوێنێت بە مەبەستی ڕاگرتنی یاخود لانی کەم کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم دادگەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ناکرێ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوە ناڕەوایە پێشێڵ بکرێت و سەرۆککۆمار کە پشکی کوردە بێدەنگ و بێهەڵوێست بێت، چونکە زۆر بەئاشکرا دیارە کە دادگەکە لە ڕێڕەوی یاسایی و دەستووریی خۆی لای داوە و پێویستە دادگەی باڵای فیدراڵی لە شوێنێك بوەستێنرێت. بەڵام بەداخەوە دیارە بارودۆخە ناوخۆییەکەی هەرێمی کوردستان وای کردووە کە سەرۆککۆرمار نەتوانێ تەنانەت لە چوارچێوەی دەستووریش پاڵپشتیی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنێت.

**هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان**

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سێ ڕەهەندی ستراتیژی دارێژراوە: یەکەمیان پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا و بنبڕکردنی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی وڵاتەکەی؛ دووەمیان پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و؛ دواهەمینیشیان پاراستنی ڕۆڵ و پێگەی تورکیایە لە کەرتی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەم ڕەهەندانە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا چەندان ساڵە کاری لەسەر دەکرێت وبەجددی هەوڵ دەدرێت بۆ جێبەجێکردنیان، بەڵام گرفتێکی گەورە لەم بوارە ڕووبەڕووی ئەنقەرە بۆتەوە ئەویش بریتییە لەوەی کەوا هێزە شیعەکانی نزیك تاران بە یارمەتیی ئێران گوشارێکی بێوێنە دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پارتی. واتا هەوڵێکی جددی لە ئارادایە بۆ لاوازکردنی پارتی کە بە تاکە حزب و لایەنی سیاسیی عێراق دادەنرێت لە دوای 2003 نەکەوتۆتە ژێر ڕکێفی هێزەکانی نزیك تاران.

**بەڵام بەرامبەر ئەمە هەوڵێکی بەرچاویش هەیە لەلایەن ئێران، بۆ ئەوەی ئەنقەرە و بەغدا لێکنزیك بکاتەوە بۆ ئەوەی تورکیا زۆر پێویستی بە پارتی نەبێت.** لەم چوارچێوەیەدا سەردانی شاندێکی باڵای تورکی لە ڕێکەوتی (14/3/2024) بۆ بەغدا، بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکییەکانی پەکەکەی لەسەر خاکی عێراقی لەلایەن بەغداوەی لێ کەوتەوە کە ئەمەیش بە گرنگترین دەسکەوتی لایەنی تورکی دادەنرێت، چونکە چەندان ساڵە ئەنقەرە کار بۆ ئەوە دەکات "قەناعەت بە بەرپرسانی عێراق بهێنێت کەوا پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە." بۆیە دەکرێ ئەم پێشهاتانە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی تاران بێت بۆ گۆشەگیرکردنی پارتی و هەرێمی کوردستان، چونکە شاندەکە سەردانی هەرێمی کوردستانیان نەکرد و تەنیا وەزیری ناوخۆی هەرێم وەك ئەندامێکی شاندەکە لە کۆبوونەوەکان بەشدار بوو.

لە لایەکی دیکە نەهێشتنی کورسیی کۆتاکان بۆ ئەنقەرە زۆر گرنگ نەبوو، چونکە سەرۆکی بەرەی تورکمانی "حەسەن تۆران" ڕای گەیاند کە بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، سەرەڕای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن چەند حزبێکی تورکمانی. ئەمەیش ئەوە دەردەخات بەپێچەوانەوە تورکیا هەوڵ دەدات پاڵپشتیی تورکمانەکان بکات بۆ بەدەستهێنانی کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بەبێ دیاریکردنی کورسیی کۆتا بۆیان.

پێویستە دۆخەکە زۆر بەباشی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، چونکە دەروازەی تورکیا زۆر ستراتیژی و گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەگەر پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو لا بنیات بنرێت و، دەکرێ لەم بابەتەدا بەم شێوەی خوارەوە سوود لە تورکیا ببینرێت:

**یەکەم:** ئەنقەرە چەکی ئاوی لەبەردەستە و دەتوانێ ئەم چەکە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر دژی عێراق بەکار بهێنێت. لەم خاڵەدا ئەگەر هەماهەنگییەك لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەنقەرە هەبێت، ئەوە دەکرێ گوشارەکانی ئەنقەرە بۆ سەر بەغدا سوودیان هەبێت.

**دووەم:** لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی، ئەنقەرە خاوەن پێگە و قورساییەکی دیاریکراوە، بۆیە زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەستنی هاوپەیمانییەکی پتەو لەگەڵ تورکیا سوود لەم پێگەیەی تورکیا ببینێت.

**سێیەم:** لە ڕووی بازرگانییەوە سەرەکیترین دەروازەی سنووریی نێوان عێراق و تورکیا لە هەرێمی کوردستانە و زۆربەی کەلوپەلەکانی عێراق لە "دەروازەی ئیبراهیم خەلیل"ەوە هاوردە دەکرێت. پێویستە زیاتر گرنگی بەم دەروازەیە بدرێت و ڕێگری بکرێت لە دروستکردنی ئەلتەرناتیڤی دیکە، بەتایبەت "پرۆژەی دەروازەی ئۆڤا کۆی"؛ چونکە دوور نییە دووبارە ئەنقەرە و بەغدا لەسەر کردنەوەی ئەم دەروازەیە ڕێك بکەون و دەست بە جێبەجێکردنی بکەن.

**کۆبەند**

دادگەی باڵای فیدراڵی دیارترین چەکی تارانە کە دژی هەرێمی کوردستان و پارتی بەکار دەهێنرێت، بۆیە دەبێت بە شێوەیەك پارتی هەڵوێستێکی کاریگەری هەبێت بۆ ڕاگرتنی ئەم پێشێلکارییانەی دادگەی باڵای فیدراڵی. هەنگاوی کشانەوەی دادوەرە کوردەکە لە دادگەکە و بڕیاری بەشدارینەکردنی پارتی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە 10ی حوزیران بەڕێوە بچێت و، هەڕەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەلایەن پارتییەوە هەنگاو و ئامرازی کاریگەرن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی لایەنە سیاسییە ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێم لە لایەك و، هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانیش لە لایەکی دیکە؛ چونکە پێ ناچێت دادگەی باڵای فیدراڵی تەنیا بەم بڕیارانە بوەستێت بەڵکوو پێشبینی دەکرێت هەنگاوی زیاتر لە دژی پارتی و هەرێمی کوردستان بنێت. ئەوەی دادگەی باڵای فیدراڵی تا ئێستا لە ڕێگەی بڕیارەکانییەوە ئەنجامی داوە، بریتییە لە "**کودەتایەکی سپی**" کە نابێت بێدەنگی بنوێنرێت بەرامبەری. ئەم جارەیش پارتی لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێی دا، ناڕەزایەتیی خۆی لە بەرزترین ئاست بەرامبەر بەم کودەتایە دەربڕی.